Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.19625

# پەیوەندیی مەرگی نووسەر و سێگۆشەی داهێنانی ئەدەبی لە ڕوانگەی بونیادگەریانەی ڕۆلان بارتەوە

**ابراهيم عبدالرحمن محمود**

کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان - خانەقین، زانکۆی گەرمیان

***Article Info***

Received: April, 2019

Revised:April,2019

Accepted: May ,2019

***Keywords***

مەرگی نووسەرو ، داهێنانی ئەدەبی ، **بونیادگەریانەی ڕۆلان بارت**

***Corresponding Author***

dr.ibrahimjaaf@gmail.com

**پێشەکی**

ناونیشانی توێژینەوەکە و هۆی هەڵبژاردنی: پەیوەندی مەرگی نووسەر و سێگۆشەی داهێنانی ئەدەبی لە ڕوانگەی بونیادگەریانەی ڕۆلان بارتەوە، ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، کە هۆی هەڵبژاردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا وەك پێویست لا لەم بابەتە تیۆرییە نەکراوەتەوەووەك پێویست تاوتوێ نەکراوە.

گرنگیی ناونیشانەکە: گرنگی ئەم ناونیشانە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە لە ئاستی تیۆریدا کۆمەڵێك سەرنج لەبارەی چەمکی مەرگی نووسەر و سێگۆشەی داهێنانەوە دەخاتەڕوو، کە ڕەهەندی فراوانیان لە بەستێنی ڕەخنەی ئەدەبیدا داگیر کردووە.

ڕێبازی توێژینەوەکە: بۆئەوەی بەشێوەیەکی زانستی ڕێگەکانی ڕوونکردنەوەی مەبەست بگرینەبەر، پشتمان بە ڕێبازی توێژینەوەی (شیکاری-ڕەخنەیی) بەستووەو لەڕێگەی سەرچاوەکانەوە زانیارییە تیۆرییەکانمان پشتڕاست کردووەتەوە.

سنووری توێژینەوەکە: چوارچێوەی زانستیی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە بۆچوونی بونیادگەریانەی ڕۆلان بارتدا دەبینێتەوەو لە هەندێ شوێندا بەپێی پێویست بۆچوونی چەند بونیادگەرێکی ترتێهەڵکێشی باسەکە کراوە.

کێشەی توێژینەوەکە: کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە دەوری ئەو پرسیارە ڕەخنەییەدا دەسووڕێتەوە، کە ئاخۆ مەرگی نووسەروەکوو تیۆرێکی ڕەخنەیی چ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ ڕەهەندەکانی سێگۆشەی داهێناندا هەیە؟

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا کە دوو تەوەر لەخۆدەگرێت، باس لە چەمکی مەرگی نووسەر کراوە، بەوەی لە تەوەری یەکەمدا لە ڕووی تیۆرییەوە چەمکەکە ڕوون کراوەتەوەو ئاوڕ لە ڕەهەندە مێژوویەکەیشی دراوەتەوە. لە تەوەری دووەمدا بنەماکانی چەمکی مەرگی نووسەر خراوەتە ڕوو. بەشی دووەمیش تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی چەمکی مەرگی نووسەر لەگەڵ ڕەهەندەکانی سێگۆشەی داهێناندا، کە ئەمەش لە ڕێی دوو تەوەرەوە خراوەتەڕوو. لە تەوەری یەکەمدا مەرگی نووسەر و زمان باس کراوەو تەوەری دووەمیش بۆ مەرگی نووسەر و دەق تایبەت کراوەو تەوەری سێیەم و کۆتاییش تەرخانە بۆ مەرگی نووسەر پرۆسەی خوێندنەوە. بەم شێوەیە توێژینەوەکە کۆتایی دێت و گرنگترین ئەنجامەکانیش لە سیاق چەند خاڵێکدا گەڵاڵەکراون.

## بەشی یەکەم

### مەرگی نووسەروەك چەمکێکی تیۆری

#### تەوەری یەکەم/ پێناسە وڕەگی مێژوویی مەرگی نووسەر

لەنێوان تیۆری مەرگی نووسەرو میتۆدی بونیادگەریدا پەیوەندییەك ڕاستەوخۆ هەیە، چونکە ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی قووڵ لەنێوانیاندایە و ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی فۆرمالیزمی ڕوسی و ڕەخنەی نوێ و زمانەوانی سوسێری بەسەرەوە دیارە، لەم ڕوانگەوە چەمکی "مەرگی نووسەر، کە ڕۆلان بارت (1968) جاڕی دا، شتێك نییە لە داهێنانی خۆی، بەڵکوو پێشتر فۆرمالیستەکان، نووسەرانی ڕەخنەی نوێ و بونیادخوازانیش نووسەریان لەناو دەقدا نەدەبینی. ئەوەیشی کە (مەبەستی نووسەر ناکرێت بە پێوانە بۆ لێکدانەوەی دەق، گرنگ ئەوەیە دەق چی دەڵێت)، برۆکس لە (1954)دا گوتوویەتی."(حەمەسەعید حەسەن، ل134).
ڕۆلان بارت خۆیشی ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە کۆمەڵێك ڕەخنەگری دیکەی پێش ئەو کەوتوون لە جاڕدانی مەرگی نووسەردا، لە نمونەی ئەوانەش "مالارمێ، کە یەکێکە لەوانەی زۆر پێشتر بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە زمان

بخرێته شوێن پێگەی نووسەری دەق، چونکە بەپێی بۆچوونی مالارمێ، ئەوە زمانە دەئاخڤێ نەك نووسەر."(احمد شریف بسام، ص3)، هەروەها بارت ئاماژەی بە هەوڵەکانی (پۆل ڤالێری) داوە، کە نووسەر دەخاتە پێگەیەکی گاڵتەجاڕانەوە و پێیوایە گەڕانەوە بۆ دیوی ناوەوەی نووسەر جۆرێکە لە خورافات، بۆیە پێویستە جەخت بکرێتەوە لەسەر بنیاتی زمان و ئاستی شارەزایی نووسەر. (رولان بارت، ص17)، هاوکات سوودیشی لە هەوڵە زمانەوانییەکانی سوسێریش بینیوە، بەمەش پێیوایە دەق تۆڕێکە لە کۆمەڵێك یەکەی زمانەوانی، بۆیە باشترین ئامرازی تێگەیشتن لە دەق بریتییە لەوەی لە سەرچاوە زمانییەکەیەوە دەست پێ بکرێ، لەپێناو دۆزینەوەو پەیبرن بەو سیستەم یان پەیوەندییانەی کە دلالەتەکانی دەقیان لەسەر بنیات نراوە، واتە بزووتنەوەی شیکردنەوەی بونیادگەری دەرئەنجامێکی ناوەکییانەیە بەرەو دەرەوەی دەق، نەك دەرئەنجامی دەرەکی بێت، وەك: نووسەر، سیاق، کات و سەردەم و ژینگەی نووسین. کەواتە بنەماکانی ئەم تیۆرییە بەر لە رۆلان بارتیش لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بوونی هەبووە، بەڵام دوای بانگەشەکەی بارت ئیدی بە فەرمی ناسێنراوە، بەو مانایەی ئەم چەمکە (مەرگی نووسەر) دەچێتەوە سەر ڕەگێکی فیکری و فەلسەفی قووڵتر، کە "پەیوەستە بەو بارودۆخە بابەتییەی ئەوروپای پێداتێپەڕی، بەتایبەت پاش شۆڕشەکەی دژ بە دەسەڵاتی کڵێسە و دوای ئەوەی (فریدریش نیتشە) وتە بەناوبانگەکەی (مەرگی خودا)ی ڕاگەیاند، ئەم وتەیەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لە نێوەندی ڕەخنەگرانی ئەوروپیدا، بەتایبەتی لای ئەوانەی دەیانویست ئاراستەی غەیبی لە ڕاڤەکردنی دەقدا تێکبشکێنن و ڕێگە لەبەردەم مرۆڤ و تەواوی تواناکانیدا بکەنەوە، کە لەڕێگەی عەقڵەوە پەی پێ دەبات، بەدەر لەمەش ئەوا مرۆڤ گیانەوەرێکی مردووە."(احمد شریف بسام، ص3) قورسایی کارەکانی بارت لەسەر شیکردنەوەی میتۆدی زمانەوانی و شێوازی ئەدەبی بوو، هەربۆیە لە کارە ئەدەبییەکانیدا پەنای وەبەر زیاد لە یەك تیۆری بردووە و زیاتریش جەختی کردووەتە سەر شیکاریی گێڕانەوەیی دەق، بەمەش تیۆرییە ڕەخنەییەکەی بارت لەسەر بنەمای کۆمەڵێك چەمکی ڕەخنەیی سێ تەوەرەیی یان سێ ڕەهەندیی بنیات نراوە، بە جیاوازیکردن لە پرۆسەی تیشك خستنەسەر یان جەختکردنەوە لە یەك لەو سێ ڕەهەندانەی هەر چەمکێك، ئەمەش بەپێی ئەو وێناکردنەی کە رۆلان بارت هەیبووە. چەمکە بنەماییە سێ ڕەهەندییەکەی بارتیش ئەمانەن:( دەروانرێتە: عدنان هلالي، انترنت)

1.چەمکی دەق.

2.چەمکی نووسین.

3.چەمکی خوێنەر یان خوێندنەوە (مەرگی نووسەر)

تەوەری دووەم/ بنەماکانی چەمکی مەرگی نووسەر

هەریەك لەو سێ چەمکەی تیۆرییەکەی بارت، کە لە تەوەری پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد، هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندیی جیاوازن. لەبارەی ڕەهەندی دەقەوە ئەوا "دەبێت هەر دەقێك کۆمەڵێك بنەمای تایبەت بە خۆی هەبێت، تا پایەکانی ئەو دەقەی لەسەر بنیات بنرێت"(دەروانرێتە: عاطف البطرس، انترنت) دیارە ئەو بنەمایانەی کە دەبێ دەق لەسەر بنیات بنرێت، لە دیدی رۆلان بارتەوە، بە پلەی یەکەم دەبێ پەیوەست بن بە خودی دەق خۆیەوە، چونکە "ئێمە ناتوانین دەق بەرەو شتێك جگە لە خۆی ڕێنوێنی بکەن، بۆنموونە بەرەو ئاماژەپێکراوێك، یا کەتوارێکی میتافیزیکی، مێژوویی، سایکۆلۆژیی و...هتد، واتە هیچ شتێك لە دەوری دەقدا نییە."(بابەك ئەحمەد، ب3، ل34) بۆیە دەق سنوورێکی فراوانی هەیە و چەندین واتای جیاجیا لەخۆدەگرێت، کە سەرجەم ئەو واتایانە لەڕێگەی زمانەوە دێنە بوون، هەروەك (بارت) دەڵێت: "دال ڕۆڵێکی بنچینەیی دەبینێ لە دروستکردنی جەدەلییەتێك لەناو نووسیندا، کە دەبێتە زۆربنەی مانا و تەقینەوەی، بەنیسبەت ڕەخنەگریش کاتێ سەرلەنوێ زمان، بابەت دادەڕێژێتەوە ئەوا لە شوێنێکی جیاوازترەوەیە لە شوێنی نووسەرەکە و بە مەبەستەوەش بەرگەی ترسناکی مانایەکی تایبەتی دەگرێ بەپێدانی مانایەکی تایبەتی کارە ڕەخنەلێگیراوەکە."(سەمەد ئەحمەد، ل10)

سەبارەت بە ڕەهەندی نووسینیش ئەوا نووسین پرۆسەیەکی خودییە، لەلایەن نووسەری دەقەوە دەست پێ دەکرێت و کۆتایی پێ دەهێنرێت، بەڵام ئەم کۆتایی پێهێنانە سەرەتایەکی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەویش لەو کاتەدایە، کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە، کەواتە "خوێندنەوەو نووسین دوو ڕووی یەك دراون، چونکە خوێندنەوە هەڵناوەشێتەوە و بە دەوری نووسیندا دەخولێتەوە، نەك هەر هێندە، بەڵکوو خودی نووسینە، بەڵام بە ڕێگەیەکی دیکە."(عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، ل10) واتە کاتێك نووسەر "دەقێك بەرهەم دەهێنێت، ئەوە لەپێش چاوی خۆی دەگرێ، کە ئەم بەرهەمەی ئەو ناچێتە بەردەست تاقە خوێنەرێك بە تەنها، بەڵکوو کۆمەڵێك خوێنەری جیاجیا دەستاودەستی پێ دەکەن، ئەوەش باش دەزانێت، ئەم دەقە بەپێی خواست و ئارەزووی ئەو لێك نادرێتەوە، بەڵکوو بەپێی ستراتیژییەتێکی ئاڵۆزی کۆمەڵێك کارلێك، کە خوێنەران بە کۆمەکی کارامەییە

زمانەوانییەکانی خۆیان کاری لەسەر دەکەن، وەك ئەوەی بۆماوەیەکی کۆمەڵایەتی بێت."(اومبیرتو ایکو، ص86) ئەمەو چەمکی خوێنەر و خوێندنەوەیش -وەك ئاماژەمان بۆ کرد- لەگەڵ نووسیندا دوو دیوی یەك دراون، واتە خوێندنەوە خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی نووسینەوەی بەردەوامە، چونکە هەر لەبنەماوە نووسین دەرئەنجامی خوێندنەوە بەردەوامەکانی نووسەرە، بۆیە دەق پانتاییەکی گەورەی هەیە بۆ خوێندنەوە، یان بڵێین دەق پانتاییەکی گەورەی خوێندنەوەیە، چونکە ئەگەر دەق خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە نەبێت، ناتوانێ گوتاری هەرمانی خۆی بەیان بکات و بەوەش زوو دەمرێ واتە زوو کۆتایی پێ دێ، ئەمە لەکاتێکدایە "خوێندنەوەی دەق کردەیەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێك و لەسەردەم و قۆناغێکەوە بۆ سەردەم و قۆناغێکی دیکە بە گۆڕانی میکانیزمەکانی خوێندنەوە دەگۆڕێ."(عومەر میراودەلی، ل48)، چونکە هیچ سەردەمێکی نووسین هاوتای یەکدی نین، بۆیە خوێندنەوەکانیش جیاواز دەکەونەوە، ئەمەش بەردەوامی بە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە دەدات، کە لەکۆتاییدا کەلتورێکی فراوانی مرۆیی لێ دەکەوێتەوە.

پەیوەندی خوێنەر بە دەقەوە لەوێوە دەست پێ دەکات، کە چیدی نووسەر بوونێکی سەرەکی لەنێو دەقدا نامێنێ، واتە ئەو دەسەڵاتەی نووسەر، کە لە کاتی نووسیندا هەیەتی هەژموونی لەنێو دەقەدا نەماوە، بۆیە سنوورەکانی دەق کراوە دەبن لەبەردەم خوێندنەوە جیاوازەکانی خوێنەردا، "ئەگەر دەق کارێکی ئامادەکراو نەبێ و کردەی خوێندنەوە تەواوی بکا، ئەوا دەبێ خوێنەر ئەرکی ئەم کردەیە لەئەستۆ بگرێ و خۆی بە خاوەنی دەق بزانێ، مەرج نییە خوێنەر لە جاری یەکەمی خوێندنەوەدا شارەزای نهێنی و لایەنە شاراوەکانی نێو دەق بێ، خوێندنەوەکانیش هەموویان وەك یەك نین، ئەگەر مانای شاراوە و رووی تاریك و نەدیو بەردەوام لەنێو دەقدا هەبێ، ئەوا خوێنەر و رەخنەگر و راڤەکارانی دەق لەسەر خوێندنەوە بەردەوام دەبن."(عومەر میراودەلی، ل139) ئەگەرچی پەیوەندی نووسەر بە دەقەوە پەیوەندییەکی تەواو ئاڵۆزە، هەروەك رۆلان بارت لە کتێبی (رەخنە و حەقیقەت)هکەیدا لە بەشی (مەرگی نووسەر)دا، باس لەوە دەکات، بۆنموونە "کاتێك بەلزاك لە چیرۆکی (سارازین)هکەیدا، باسی پیاوە خەسێنراوەکە لە بەرگی ژنێکدا دەکات، دەڵێت: ژنێك بوو وێڕای گشت ترسە لەناکاو و ئارەزووە لادەرانە و هەڵچوونە رەمەکی و کارە بێ هۆ و خۆبەگەورەزانی و هەستناسکییەکانییەوە... ئاخۆ دەبێ ئەوە کێ بێت، کە بەم شێوەیە قسە دەکات؟ ئایا ئەوە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، تا خەسێنراوەکە پشتگوێ بخات و خۆی لەژێر پەردەی ژنەکەدا بشارێتەوە؟ یان ئەوە خودی بالزاکە، بە هەموو زانیارییەکانییەوە لەبارەی ژنەوە، بەپێی ئەزموونی کەسیی خۆی؟ یان ئەوە بەلزاکی نووسەرە و کۆمەڵێك بیرۆکەی ئەدەبی لەبارەی مێینەتییەوە دەخاتەڕوو؟ ئاخۆ ئەوە حیکمەتێکی گەردوونییە، یان بشێ دەروونناسی رۆمانسییانە بێت؟"(رولان بارت، ص57) بارت وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: "هەرگیز ناتوانین بزانین ئەوە کێیە قسە دەکات، چونکە نووسین بریتییە لە تێکشکاندنی هەموو دەنگێك و هەموو سەرچاوەیەك."(اندرو بینیت، ص125) بەوردبوونەوە لەم گوتەیە، بۆمان دەردەکەوێت، کە پرسی مەرگی نووسەر پەیوەستە بە ئامادەگیی قسەکەرەوە، واتە قسەکەر دەتوانێ زمان بەرهەم بهێنێت، هەڵبەتە بەرهەمهێنانەوەی زمانیش بۆخۆی بریتییە لە پرۆسەی دارشتنەوەی دەق، یان خەلقکردنی دەق، کەواتە کاتێك خوێنەر پەی بە شوێنە پەنهانەکانی ناو دەق دەبات و دەگاتە چێژی خۆی، ئەوکاتە زمان سەرلەنوێ لەدایك دەبێتەوە. هەر لەم روانگەوەیە "بارت پێیوایە شیکاری بۆ هەر ئاژاوەیەکی سیاسی دەبێ لە شیکارکردنی زمان و سیستم و ئاماژەو نیشانەکانییەوە دەست پێ بکات، هەموو شتێك لەزماندا دەردەکەوێتەوە: بیرەکانمان، باوەڕەکانمان تا بە ئارەزووەکانیشمان دەگات، سەرلەبەریان لە زماندا خۆیان دەنوێنن."(عدنان الهلالي، انترنت)

### بەشی دووەم

مەرگی نووسەرو رەهەندەکانی سێگۆشەی داهێنانی ئەدەبی

تەوەری یەکەم/ مەرگی نووسەرو زمان

زمان لە رەخنەی کلاسیکدا زیاتر پێوەرێکی فەرهەنگییە، وەك لەوەی پێوەرێکی واتایی بێت، واتە ئەوەندە گرنگی بە دیوی دەرەوەی زمان دراوە، ئەوەندە بەلای دیوی ناوەوەی زماندا نەچوونە، بەڵام لە مەرگی نووسەردا زمان دەبێتە خاوەن دەسەڵاتی خۆی و لە بن دەستی هەژموونی باوکانەی نووسەری دەق قوتاری دەبێت، واتە زمان لە دەقدا دەبێتە خاوەنی گوتارێکی تایبەت بە خۆی، گوتار لەسەرجەم ئاستەکانی دەربڕیندا "ئەو گوتارەی لە چوارچێوەی دەقدا لە کاری بەخشین و وەرگرتندا بەرجەستە دەبێت، هەڵبەتە گوتاری کاری (بەخشین) بە گوتاری کاری (وەرگرتن) تەواو دەبێت، هەروەها گوتاری هاوبەشی بەخشین و وەرگرتن لە زماندا بەرجەستە دەبێت، لێرەشدا گوتار بەهای جوانیی خۆی بەرهەم دەهێنێت، واتە زمانی دەق دەتوانێت ناوەندێکی بە

پیت و کارا بێت لەنێوان دەق و خوێنەردا."(بەختیار محەمەد، ل20)

بەمەش زمان لە دەقدا لەوە ڕزگاری دەبێت، هەمیشە وەك بوونێکی بزر دەوربگێڕێت و هیچ پرسیارێك لەبارەی ئەو بیرو داهێنانەوە نەکرێ، کە لەپشتەوەیەتی، چونکە هەتا زمان لەژێر دەستەڵاتی خاوەنی دەقدا بێت و بچوك بکرێتەوە بۆ سەر ئاستی دەرەکی خۆی، ناتوانێ لەدەقدا ببێتە هێزێکی گەورەی دنیابینی و هزراندن، واتە تێڕوانینەکانی خۆی ناگوێزێتەوە بۆ نێو جیهانی دەق و بەمەش دەبێتە کەرەستەیەکی هەمیشە سواو واتە دەبێتە کەرەستەیەکی ئاسایی دەستی نووسەرو لە ڕێگەیەوە مەبەستەکانی تایبەت بە ژیان و گوزەران و دۆخی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی خۆی بەیان دەکات، کە دیارە بارت دژی ئەم تێڕوانینەیە بۆ زمان، ئەو لەڕێگەی مەرگی نووسەرەوە دەیەوێ زمان بخاتە ئاستێکی باڵای واتایی، ئەمەش پاڵپشت بەو پەیوەندییە ناوەکییانەی کە دال و مەدلولەکان لەنێوانیاندا هەیە، کە هاوبەشێکی داهێنەرانە بێت لە دەقی ئەدەبیدا و ببێتە ئەو هێزە کراوەیەی کە گوزارشتکردن لەتوانایدا بێت هاوشانی ئەو بەڕێوەبچێت، بۆیە "بارت پێیوایە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی یەك تاقە نووسەرێك بۆ دەق، خۆی لەخۆیدا بریتییە لە داسەپاندنی پانتاییەکی تاك ڕەهەند بەسەر دەقدا، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە دەق خاوەنی یەك واتای دیاریکراوە و تەواو."(ادیث کیرزویل، ص198)

هەربۆیە بارت ئاماژە بەوە دەدات، کە "ئەوە زمانە لەناو بەرهەمدا دەپەیڤێ نەك بەرهەمهێنەکەی (نووسەرەکەی)، ئیتر بەرهەمەکە ئەدەبی بێت یان غەیری ئەدەبی، زمان بە تەنها کار دەکات و دەجوڵێت نەك (من)."(رولان بارت، ص16) ئەگەر لەم وتەیەش وردبینەوە، واتای ئەوەمان دەخاتە بەردەست، کە زمان لەبارەی خۆیەوە دەدوێ نەك نووسەر، ئەمەش واتای سنووردانانە بۆ دەسەڵاتی نووسەر و پێدانی دەسەڵاتە بە زمان، هەروەك بارت دەڵێت: "کە دەنووسی واتە دەبێ بگەیتە ئەو خاڵەی تێیدا زمان هەموو شتێك بکات نەك (من)"(هەمان سەرچاوە، ص16) ئەمەش مانای ئەوەیە، نووسەر خاوەنی داهێنان نییە، بەڵکو ئەوە زمانە داهێنان دەکات. هەروەك بارت لە کتێبی (چێژی دەق)دا دەپرسێت: "لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خۆنواندنی زمانی، لە دەقێکدا، لە چ ڕوویەکەوەیە؟ جوانکارییەکانی زمان پێوەندیی لەگەڵ سامانی توندڕۆیانە، دەستقوچاوانە خەرجکردن و نەبوونی بە تەواو مانا هەیە؟ ئایا بەرهەمێکی چێژبەخشی گەورە (بۆ وێنەی بەرهەمی پرۆست) ئابورییەکە لە نمونەی ئابووریی هەرەمەکانی میسر؟"(ڕۆلان بارت، ل16)

کەواتە ئەگەر نووسەر کەسێکی خاوەن ڕوانین و جیهانبینی قووڵ بێت، هاوکات چەندیش لە زمانی نووسیندا بەتوانا و دەسەلاتدار بێت، بەڵام هێشتا ئەو لەژێر کاریگەریی ئەو نەخشەیەی کە بیرەکەی پێ دادەڕێژێ، هەر دەمێنێتەوەو ناتوانێ خۆی دەرباز بکات، واتە ئەو هەمیشە بە دەستی تواناکانی زمانەوە گیرۆدەیەو ناتوانێ لێی دەرباز ببێت، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی مەرگی نووسەر. هەربۆیە بارت پێیوایە "زمانی ئەدەبی هەمیشە دەبێت زمانێکی مەجازی بێت خەسڵەتی سەرەکی زمانی ئەدەبیش ئەوەیە، کە دەشێت خراپ لێی حاڵی ببین، هەربۆیە هەرچی بەرهەمی سەربە ڕیالیزمە بارت بە ئەدەبی نازانێت."(حەمەسەعید حەسەن، ل16) واتە ئەو کاتەی زمان دەچێتە ناو سنعەتی دەقەوە، ئەوسا دەگۆڕێت و دەبێ بە زمانێکی تر. کەواتە هەر مامەڵەیەکی زمانی، بۆخۆی جۆرێکە لە بەرکەوتن لەگەڵ یاساو ڕێساگەلێکی ڕێزمانیدا، ئەمەش ئەو بۆچوونەی (میشێل ئۆریو)مان بۆ دووپات دەکاتەوە، کە پێیوایە "دەقی ئەدەبی شتێك نییە، جگە لە بابەتێکی زمانناسانە."(بابەك ئەحمەد، ب2، ل7)

سارتەر دەڵێت: "ئەوەی ناوی ئەدەبە زمانیشە، ئەگەر ئەدەب بە تێپەڕین لە زمان بزانین، کەواتە لەهەر حاڵەتێکدا بێت، دەبێ قەبوڵ بکەین، لە دەرەوەی زمان ئەدەبێك بوونی نییە، کەواتە ئەدەب هەمان زمانە بە پێوەلکاندن یا کەمکردنەوەی شتێکی تر"(ژان پۆل سارتەر، ل30)، هەر بۆیە (ڕۆلان بارت)یش پێیوایە: "دەق هیچ وێکچوونێکی لەگەڵ نمونەی ڕێزمانیدا نییەو زۆربەیان هەڵقوڵانێکی بەهێزە لە وشەکان..."(ڕۆلان بارت، ل28) هەڵبەتە ئەوە دەزانین، کە بارت و بونیادگەرەکانی تریش پێیانوایە هیچ بابەتێك نییە پێش پرۆسەی نووسین بکەوێ، بەڵکو بیرۆکەی هەر بابەتێك لە چرکەساتی دەستپێکردنی نووسینەوە لەدایك دەبێت، لێرەوە گرنگیان بە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی داوە لەسەر بنەما زمانەوانی و کردنەوەی کۆدەکان و ئاشکراکردنی نهێنییە پێکهێنەرەکانی دەق، بۆ ئەمەش لەکارە ڕەخنەییەکانیاندا پشتیان بە زانستی زمان دەبەست، هەروەك بارت لەو ڕوانگەیەوە جەخت دەکاتەوەو دەڵێت: "سیمۆلۆژیا بەشێکە لە زمان، چونکە زمان لەڕوانگەی ئەوەوە نیشانەیە، ئەمە واتای ئەوەیە، هەر شتێ گوزارشتی پێ لە واتا بکەین لەمێشکماندا لەڕاستیدا زمانە، وشەی زمان تەنها خۆی لە زمانی فۆنیم و دەنگ و پێکهاتەکاندا نابینێتەوە، بەڵکو بزاوتنی دەست زمانە، بادانی سەرو شان زمانە، هەر بزاوتنێك گوزارشت لە واتا

بکات زمانە."(عەلی تاهیر حوسێن، ل119) سیمۆلۆژیایش گرنگی بە نیشانە زمانییەکان دەدات، کە ئەگەر زیاتر لەمە وردبینەوە، ئەوا سەرنج دەدەین، کە هەوڵێکە بۆ کورتکردنەوەی جۆراوجۆری دیاردەکان بۆ کۆمەڵێك ئەرکی گشتی، "واتە سیمۆلۆژیا بەردەوام لایەنی شتەکان چالاك دەکات، بەم شێوەیە بارت هەستا بە بارگاویکردنی سەرجەم داهاتە تیۆرییە زمانەوانییەکان، بەتایبەتی زمان، بەوپێیەی سیستمێکە بۆ جیاوازییەکان..."(جون لیتشە، ل278)

بارت پێیوایە شوناسی نووسەر بۆ دەقەکەی هیچ گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆی نییە هێندەی ئەوە زمانەی کە بەشێکی باشی لە مێژووی ژیانی کەسێتی و کۆمەڵایەتی خاوەنەکەی دەگوازێتەوە، بەمەش واتای نووسەرمان بۆ لێك دەداتەوە و دەڵێت: "نووسەر کەسایەتییەکی دروستکراوە، واتە بەرهەمی کۆمەڵگەیە، بەو هەموو پاشخانەیەوە هەر لە چاخەکانی ناوەڕاست و فیکری ئەزموونگەریی ئینگلیزیی و عەقڵانییەتی فەرەنسی و بانگەشەی چاکسازیی پرۆتستانتی تا دەگاتە جەختکردنەوە لە خودێتی تاك، یان وەك ئەوەی دەگوترێ (تێپەڕاندنی تاکی مرۆیی)، ئەم بیرۆکە سادەیەش لە فیکری سەرمایەداریدا گەورەکرایەوە، تا ڕادەی ئەوەی کە بایەخی سەرەتا و کۆتا بدرێ بە تاك، واتە نووسەر."(عدنان الهلالي، انترنت)

تەوەری دووەم/ مەرگی نووسەرو دەق

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین، کە دەشێ "دەق وشەیەك بێت، دەشێت ڕستەیەك بێت، کتێبێکی گەورەی چەند بەرگی بێت. هەروەها مەرج نییە دەق هەر دەقی ئەدەبی بێت، بەڵکوو پارچەیەکی مۆسیقی، تابلۆیەکی شێوەکاریی، فیلمێك یان دیمەنێکی شانۆییش دەشێت دەق بێت."(حەمەکەریم عارف، ل9) کەواتە ئەگەر لە ئاستی نووسراودا قسە بکەین، ئەوا دواجار "دەق بەرهەمی زمانە و بۆ ئەو پارچە ئاخاوتنە بەکاردێت، کە پارچەیەکی یەکگرتوو پێکی هێنابن، بەبێ ئەوەی درێژی و کورتی لەبەرچاو بگیرێت."(لوقمان ڕەئوف، ل189) بەو مەرجەی واتا بگەیەنێت، بەمەش "لەوانەیە دەق یەك ڕستە بێت، هەروەها دەتوانێت پەرتوکێکی تەواو بێت."(نەجم خالید ئەڵوەنی، ل16) بۆیە ئەزموونی هیچ نووسەرێك لە ئەزموونی نووسەرێکی تر ناچێت، چونکە دواجار مامەڵەی هەر نووسەرێك لەگەڵ زماندا، تەواو جیاوازە لە مامەڵەی نووسەرێکی تر لەگەڵ زمان، بەوەش جیاوازی لەنێوان دەقەکاندا دروست دەبێت.

ئەگەرچی لە مەرگی نووسەردا، هیچ بوونێکی دەسەڵاتدارانەی نووسەر، بەسەر دەقەوە نامێنێ، هەروەك ئەزموونی خودی نووسەریش چ ڕۆڵێکی نییە بەسەر بەرهەمهێنانی دەقەوە، چونکە دەق بەرهەمێکی زمانەوانییە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی زمان وەك خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵکوو سەرلەنوێ زمان دەخوڵقێنێتەوە و بارگاوی دەکاتەوە و لە واتا و دەلالەتە فەرهەنگییەکەی دووری دەخاتەوە و هێماکانی دەدۆزێتەوە و نیازەکانی ئاشکرا دەکات و خۆی بە یەك دەلالەت و واتاوە پەیوەست ناکات. بەمەش دەقایەتی خۆی وەردەگرێت و خۆی لە نادەق جیادەکاتەوە، کە هەمان زمان بەکاردەهێنێت، بەڵام لەیەك واتا زیاتر هەڵناگرێت و سنووری شوێنکاتی خۆی نابەزێنێت.

بەهۆی ئەوەی دەق فرەلایەنە، بۆیە ئەم فرەلایەنییەی دەق دەکرێ تێڕوانینی جیاجیای بۆ بکرێت، تەنانەت دەتوانرێ بخرێتە چوارچێوەی چەندین تیۆری تایبەت بە خۆی، کە دیارە لێرەدا ئێمە کاتێ قسان لەهەمبەر دەق دەکەین، لە چوارچێوەی دیاریکراوی تیۆرییەکەی بارتدایە (مەرگی نووسەر)، کە لە بوون و خەیاڵی زمان بەدەر نییە. مرۆڤ بۆخۆی بوونێکە لەنێو دەقدا، واتە دواجار مرۆڤ چواردەوری بە دەق گیراوەو ناشتوانین لە دەق بچینە دەرێ، چونکە هەموو شتێك لە دەقەوە دەست پێ دەکات و لە دەقیشدا کۆتایی دێت، کە دەشڵێین کۆتایی دێت، دیارە مەبەستمان لە کۆتاییهاتنی پرۆسەی بەدەقبوون نییە، کە لەڕێگەی یەك جار نووسین و یەك جار خوێندنەوەوە مەیسەر دەبێت، چونکە پرۆسەی نووسین و خوێندنەوەی دەق، پرۆسەیەکی بەردەوامی بوونە، واتە پرۆسەکردنی خودی ژیان خۆیەتی بەشێوازێکی تر، بۆیە دەق داخستن ناناسێت، خۆی بەدەستەوە نادات، تەمومژاوییە لەگەڵ چەندان دەقی دیکەدا دەستی تێکەڵ کردووە، مەبەستی خۆی ساغ ناکاتەوە، کۆتایی بۆ نییەو هەمیشە کراوەیە. ئەگەر زیاتر لەسەر ئەو تێڕوانینە بەردەوام بین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە دەق خودی زمانە، زمانیش ڕاستەوخۆ خودی ژیانە، هەروەك بارت دەڵێت: "دەق بریتییە لە زمان و لەو چالاکییەی بە مەبەستی بەرهەمهێنانی زمان دەنوێنرێت."(حەمەسەعید حەسەن، ل33)

کەواتە جیهان بۆخۆی زمانە، چونکە بەهۆی زمانەوە لە جیهان تێدەگەین. بەو مانایەی ژیانی ئێمە بۆخۆی بریتییە لە دەقێکی هەمیشە کراوە، دەقێکی هەمیشە لەنێو پرۆسەی نووسینەوەدا بەردەوام، چونکە "دەق بەرلەهەر شتێك دەکاتە مومارەسەری نووسین، یانی مومارەسەیەکی ڕەمزیی ئیستاتیکی. جا لێرەدا هەردوو چەمکی دەق و نووسین بەڕادەیەك لێکدی نزیك دەبنەوە، دەتوانرێت بگوترێت هیچ دەقێك لە دەرێی نووسیندا نایێت، یانی دەق بەبێ نووسین چێ

نابێت."(حەمەکەریم عارف، ل8) ئەمە لەکاتێکدایە، کە نووسین کردارێکی ئاڵۆزی بەرهەمهێنانی دەقە، هەربۆیە لەم ڕوانگەوەیە، دەق و گرنگیدان بە دەق بووەتە جێگەی مشتومڕێکی زۆرو بایەخی تەواوی پێ دەدرێ، تەنانەت زانستی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە دەق هەیە، کە بە (تێکستۆلۆجی) ناسراوە، یان ئەوەی بە کوردی پێی دەوترێ (دەقناسی). ئەرکی دەقناسییش "بریتییە لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی دەقێکی دیاریکراو، یان کۆمەڵە دەقێك و شیکردنەوەو وردکردنەوەی ئەو دەقە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانیدا، واتە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەق لا مەبەستە نەك سروشت و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی دەق، بەم پێودانگە دەقناسی کەرەستەکانی خۆی لە زمان و زمانەوانییەوە وەردەگرێت و بایەخ بە دەق لە سنووری ئەنتۆلۆجی دەقەکەدا دەدات."(هەمان سەرچاوە، ل8)

بارت بەپێچەوانەی (کریستیڤا)وە ئاسۆی دەق فراوانتر دەکات، واتە کریستیڤا (نووسەر) بە سەنگی کاری ئەدەبی دەزانێ و "ڕەتی کردەوە، کە دەقێك هەبێ بوونی بەتاڵ بێ لە چوونە بارێکی دەقەکانی ترەوە، کەواتە هەموو دەقێك بریتییە لە تابلۆیەك لە وەرگرتنەکان، هەموو دەقێکیش مژین و گۆڕینی دەقەکانی دیکەیە."(عەلی تاهیر بەرزنجی، ل74) بەڵام لای بارت خوێنەر دێتە ناو هاوکێشەکەوەو بەو پێودانگەی دەق "بەر لەهەر شتێك بەرهەمێکی زمانەوانییە، بۆیە دەبێت بەر لەهەر شتێك لە ڕەگەزو پێکهاتە زمانەوانییەکانی دەق ورد بینەوەو تاوتوێی بکەین، هەر ئەمەش دەقایەتی و نادەقایەتی هەر دەقێك جیادەکاتەوەو دیاری دەکات."(حەمەکەریم عارف، ل9)

ئێمە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زمانەوە، دەتوانین پرسیار لەبارەی چییەتی دەقەوە بکەین، بەوپێیەی "پرسیارکردن لە دەق و چییەتی دەق، دەمانخاتە ناو کۆمەڵێك ڕێگاو دیدگای جیاوازەوە، کە هەریەك لەو دیدگایانە بەپێی باکگراوەندی هزری و فەلسەفی خۆی ماناکانی دەق ڕاڤە دەکات."(پیشڕەو عەبدوڵلا، ل160) هەرچی دیدگاو ڕێگای ڕۆلان بارتە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تایبەت بە دەق، سەرجەمیان دەچنەوە بەردەم دەروازەکانی زمان و لەوێوە بۆ نێو قولاییەکانی شرۆڤە زمانەوانییەکان، کە سەرجەمیان لەڕوانگەیەکی بونیادنەرانەوە داڕێژراون. لای بارت "دەق داخراو نییەو بەمەش یاسایەك دەردەهێنێ بەوەی دەقێتی دەق لەو کرانەوەیەدایە نەك لەداخرانیدا. واتە دەقێك دەقە، کە وا لە خوێنەر بکات بنووسێت نەك هەر بخوێنێتەوە. بەدیوەکەی تردا هەموو نووسینێك خوێندنەوەیە، ئەم خوێندنەوەیە ئەو قووڵبوونەوەو کەشفکردنەیە، کە نووسەر لەکاتی نووسیندا بەناو شتەکاندا دەیکات، بۆ دەرخستن و بەیانکردنی ناشتیی شتەکان."(هەمان سەرچاوە، ل160)

لەم ڕووەوە دەکرێ جۆرێك لە دابەشکردنی دەق دەستنیشان بکەین، ئەویش بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا: "دەقی زیندوو و دەقی نازیندوو، دەقی زیندوو بریتییە لەوەی کە خوێنەر بۆخۆی دەخوڵقێنێت، بەڵام دەقی نازیندوو ناتوانێت خوێنەر بۆ خۆی بەرهەم بهێنێت. دەقی زیندوو هەمیشە چالاکی بە خوێنەر دەبەخشێ، بەڵام دەقی نازیندوو خوێنەر تەمبەڵ دەکات."(بەختیار محەمەد، ل18) واتە خوێنەر ڕۆڵی گەورەی هەیە لە بەرهەمهێنانەوەو نووسینەوەی دەقدا، لێرەشەوە بارت "ڕۆڵی خوێنەر بە گرینگ دەزانێ، بەڵام نەك خوێنەری بێ جوڵەو بزاف، بەڵکو ئەو خوێنەرەی پشکنین و شیکردنەوە دەکا، چونکە هەردەم ئەو پێوەندییەی تێکست هەیەتی بە نووسەرو خوێنەر، هەردەم یەك لایە، چونکە لە پشت تێکست هەڵوێستە گرامەرییەکان، کە وەکو پێوەندی دەبینرێن، واتە لەنێوان شت و بکەرەکان لەناو دەبا."(موحسین ئەحمەد عومەر، ل142) بەمەش دەتوانین بۆچوونی بارت سەبارەت بە دەق، لەوەدا پوخت بکەینەوە، کە پێیوایە ئەو تۆوەی لەنێو دەقدا بوونی هەیە سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ چێژ، لێرەشەوە دەق حسابێکی تری بۆ دەکرێ، بەو مانایەی وەك جیهانێك لەنێوان نووسەرو خوێنەردا لێی دەڕوانرێ. "کەواتە هەر تەنیا دانەر یان خاوەن دەق، بەرهەمهێنەرو نێرەری واتای دەق نییە، بەڵکو خوێنەریش بەپێی چەمکی ئاسۆی پێشبینی و چاوەڕوانی، واتا بەرهەم دەهێنێت و واتای جۆراوجۆر دەخاتە سەر واتای ناوەندیی دەق، بە واتایەکی تر بڵێین دەبێت بەهاوبەشی بەرهەمهێنەر لە واتادا."(عەلی تاهیر بەرزنجی، ل12)

لەلایەکی ترەوە، بارت پێیوایە هەموو دەقێك بریتییە لە دەقئاوێزان، واتە کۆمەڵێك دەقی تر لەناو دەقی نووسراودایە، بۆیە هیچ دەقێکی ئەسڵی بوونی نییە، (محمد عزام، ص31) هەربۆیە پرسی "خزینی تێکستێك بۆ ناو یەکێکی دیکە (نێوتێکست)، وەك تێکەڵبوون و بەیەکداچوونی دەنگەکان سەیر دەکا. ئەو دیالۆگیزمەی تێدایەتی وەك درەوشانەوە کۆچکردنی ماناکان حیسێبیان بۆ دەکا. دڵنیایی لەسەر جۆراوجۆریی هاندەرو خەستبوونەوەکانی ناوەوەی تێکست دەکا."( موحسین ئەحمەد عومەر، ل14) واتە دەق بەلای بارتەوە خاوەنی هیچ سیمایەکی روون و ئاشکرا نییە، بێ سنوورو بێ سەرەتاو بێ کۆتاییە، هیچ ناوەڕۆك و یەکێتییەکی دیاریکراوی نییە، بێ ناونیشان و بێ نووسەرە، هیچ بەهایەکی

سەرچاوەیی نییە، بەپێچەوانەی تێڕوانینی ئەو ڕێبازانەی کە لە ڕەهەندی دەقەوە دەڕواننە بەرهەمی ئەدەبی و پێیانوایە دەق بوونێکی پیرۆزەو دەبێ بخرێتە ئاستێکی باڵای پیرۆزییەوە، وەك لای مۆدێرنیستە ئەدەبییەکان و بیرمەندانی ڕەخنەی نوێ و هێرمنیۆتیکاو... هتد، سەرنج دەدرێ. هۆکاری ئەم تێڕوانین یان تێگەیشتنەی بارتیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پێیوایە دەق جێ لەنگەری دەقی ترە، واتە ژمارەیەکی بێکۆتا دەق لەناو دەقێکی تردا بوونیان هەیە، ئەمەش بەهۆی پرۆسەیەکی گەورەی وەرگرتنەوە هاتووەتە بەرهەم، هەربۆیە دەق لەوە زیاتر واتا دەگەیەنێ، کە دەیڵێ یان کە خستوویەتییە ڕوو، هەموو واتاکانی تریش دەتەقێنێتەوە لەڕێی بەرهەڵستکارییەوە، واتە لەڕێی بەرهەڵستکاریکردنی ئەو واتا بەیانکراوەی کە خوێنەر هەستی پێ دەکات و دەیەوێ وەك دوا واتای دەق لێکی بداتەوەو وەری بگرێ.(دەڕوانرێتە: محمد نديم خشفة، ص57) لێرەدا تێ دەگەین، کە دەق لای بارت "بابەتی یان خۆراکی خیتابی زانستی و تیۆری نییە، بەڵکو وەك ماتۆڕی خیتابێکی میتافۆری و مەوزوعی سەیری دەکرێ. بەکورتی وەك ماتۆڕی نووسین. بارت دەڵێ: نووسین، نووسینی تێکستێك بەرزترین لوتکەیە، کە تیۆریی تێکست دەیگاتێ". لێرەشەوە دەبینین: لە ئەنجامی پراکتیککردنی نووسین بارت لە (ڕۆشنبیرێك)هوە بووە (نووسەر)ێك، لەمەش مەسەلەی بونیاد بە ئاشکرا هەست پێ دەکرێ.( موحسین ئەحمەد عومەر، ل142) دەق هەوڵێکە بۆ تەقاندنەوەی نەریتەکان، چونکە لە ئەنجامی وشکهەڵاتنییەوە پەردەپۆشی پێکهاتنی بوونی یەکەم دەکات و بنەچەی شتەکان دەشارێتەوە، بۆیە هیچ دەقێك ناتوانێ بەسەر خۆیدا داخراو بێت، بەڵکو دەقی زیندوو هەمیشە کراوەیەوە لێکدانەوەی جیاوازو هەمەجۆر هەڵدەگرێت و بە چەندین ماناو دەلالەت بارگاوییە، بۆیە بارت پێیوایە "ئەو دەقەی تەنیا یەك لێکدانەوە هەڵبگرێت، ئەدەب نییە."(حەمەسەعید حەسەن، ل34) بەڵام دەقی مردوو هەمیشە داخراوە، لەیەك خوێندنەوە زیاتر هەڵناگرێت، چونکە هەر یەك واتاو دەلالەت لەخۆ دەگرێت، هەرچی دەقی ئەدەبی زیندووە بۆخۆی ڕووداوێکە، خۆڕسك و خودی خۆیەتی. دەقی زیندوو سنوورەکانی خۆی تێدەپەڕێنێ، بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەکشێ، کە دەتوانێ دەقی تر بسڕێتەوەو دەست بخاتە سەر دەقەکانی تر، لەبەردەم کاریگەرییەکانی زمان و میتافۆرو بابەتەکان و ژەنگەکاندا دەکرێتەوە تا ئەوەی دەبێتە مەدلولێکی فرە ڕەهەندی ئاماژەگەلێك، کە خودی خۆیەتی. واتە دەق دالێکە سنوورەکانی تێکەڵ دەبن لەگەڵ سنووری دەقەکانی تردا، بۆ کردنەوەی بۆشاییەك لەنێوان دال و مەدلول لەبەرامبەر فرەیی یان ناکۆتایی دەلالەتەکانیدا. ئەمەش کاریگەریی بونیادگەرییە بەسەر تیۆرییەکەی بارتەوە، کە بونیادگەریی وای دەبینێت ئەدەب بریتییە لە بونیادێك لەناو بونیادێکی گەورەترو سەرجەمگیرتر، کە ئەویش زمانە، لێرەدا زمان و ئەدەب پێکەوە لکاون و کۆمەڵێ کۆدو ڕێساو نەریتی دیاریکراو تەحەکومیان پێ دەکا، "لەگەڵ ئەوەشدا وەك کیانێکی داخراوی دوور لە کات و شوێن دەڕوانێتە دەق، بەمەش دەق دادەبڕێت لە نووسەر و لە دەوروبەر"(شکری عەزیز ئەلمازی، 213) چونکە هیچ کام لەو هۆکارانە توانای ئەوەیان نییە، سیستمی دەق و شەنگستەکانی زمان وەك سیستمێك دیاری بکەن. بۆیە دەق خاوەنی بەردەوامی ژیانەو نووسەریش بەردەوامی مەرگی هەیە.

تەوەری سێیەم/ مەرگی نووسەرو خوێندنەوە

پرۆسەی خوێندنەوە یەکێکە لە گرنگترین ئەو پرۆسانەی کە کەسی خاوەن ڕۆشنبیریی بەرز پێی هەڵدەستێ و لەڕێگەیەوە دەگاتە کۆمەڵێك دەرئەنجامی گرنگ، کە دواجار ئاراستەی دەرەوەی خۆی دەکات، ئەمەش لەڕێگەی ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەوە کە لەکاتی خوێندنەوەدا لەنێو دەقەوە وەریان دەگرێت. هەڵبەتە ئەم پرۆسەیە (خوێندنەوە) بە تەنها لەوەدا کورت نابێتەوە، کە کەسێك هەڵبستێ بە خوێندنەوەی دەقێکی نووسراو، بەڵکو خوێندنەوە زیاد لەوە دەڕوات و دەگاتە ئەو پانتاییەی کە خۆی لە بیرکردنەوەو لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی ڕووداو و پێشهات و دەرکەوتەکانی ناو ژیان و دەوروبەرمانیشدا خۆی ببینێتەوە، واتە کاتێك کەسێك توانای لێکدانەوە و دۆزینەوەی پەیوەندی هەبێت لەنێوان دیاردەو ڕووداوەکانداو بتوانێت چارەسەریان بکات، ئەوا ئەو کەسە پرۆسەی خوێندنەوەی ئەنجام داوە، بەوپێیەی ئەگەر لە خوێندنەوەی دەقی نووسراودا خوێنەر لەبەردەم کۆمەڵێك دالدایە و دەبێ مەدلولەکانیان بدۆزێتەوە، بەهەمان شێوە، کاتێك کەسێك لەبەردەم ڕووداوێك یان پێشهات و ئەگەرێکدایە، ئەوا خۆی لەخۆیدا چوونە بەردەم دالێکی نازمانەوانییەو پێویستی بە کردنەوەو دۆزینەوەی مەدلولەکەیەتی، کە دەکاتە چارەسەرییەکەی، بۆیە نابێ پرۆسەی خوێندنەوە لە سنوورێکی بەرتەسکدا قەتیس بکەین. لێرەوەیە کە چەندین میتۆد و ڕێباز و تیۆری ڕەخنەیی هەن، گرنگی بە خوێنەر دەدەن و وەك لایەنی ئەکتیڤی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی لە قەڵەمی دەدەن، بەوپێیەی خوێنەر دەتوانێ بەشدار بێت لە بەرهەمهێنانی دەقدا، ئەم تێڕوانین و تێگەیشتنە، لە تیۆری مەرگی نووسەردا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت، بەوپێیەی "خوێنەر یەکێکە لە گۆشە

گرنگەکانی سێگۆشەی داهێنانی ئەدەبی، واتە لە پاڵ نووسەرو دەقدا، خوێنەر جێگەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەمە لەسەردەمی مۆدێرنەوە دەست پێ دەکات، واتە پێشتر ئەو بایەخ و گرنگییەی نەبووە. بارت پێیوایە هەموو خوێندنەوەیەك نووسینێکە، واتە "خوێنەر نووسەری ڕاستەقینەی دەقە، هەرچەند خوێنەر خاوەنی باگراوندی ڕۆشنبیری بەرفراوان بێت، خاوەن خوێندنەوەی چاك دەبێت هەر لەم ڕوانگەیەوە خوێندنەوەی جۆراوجۆری دەق هەیە."(عەلی تاهیر حوسین، ل106)

بەو مانایەی "کاتێك خوێنەر دەچێتە ناو دنیای دەقەوە، هەر ئەوە نییە ئەو دەقە ئەزبەر بکات و بەس، بەڵکو لەوێوە ئاسۆیەك دەدۆزێتەوە لەناو خۆیداو لەکاتی خوێندنەوەدا دنیایەك هەیە لەناویدا دەکرێتەوەو خەیاڵی ئاراستەی ئەو بابەتە دەکات، کە دەقەکە باسی دەکات، لەم ئاراستەکردنەدا، بیرکردنەوەی خۆیشی دەخاتە سەر ئەو خوێندنەوەیە، ئەم بیرکردنەوەیە بۆ خۆی نووسینێکە، بەڵام لەسەر غاکەز نا، بەڵکو لەسەر یادگە تۆمار دەبێت، ئەم تۆماربوونە جۆرێکە لە نووسین"(پێشڕەوعەبدوڵلا، ل160)

کەواتە هەموو دەقێکی ئەدەبی پێویستی بە خوێنەرێکە، بۆ ئەوەی بتوانێت ناتەواوییەکانی تەواو بکات، هەڵبەتە نووسەر یەکەمین خوێنەری دەقەکەی خۆیەتی، بەڵام هەردوای ئەوەی بڵاوی کردەوەو کەوتە بەردەستی خوێنەر، ئیدی هیچ مافێکی بەسەرییەوە نامێنێ و ئەو دەچێتە خانەی مردووانەوە (مەرگی نووسەر). (تۆدۆرۆڤ) لە کتێبی بیرۆکەی ئەدەبی خۆیدا دەڵێت: "لەخوێندنەوەی دەقدا دوو شێوە بۆچوون هەیە: یەکەم خوێندنەوەی دەق تەوەر، دووەم: خوێندنەوەی شێوازی. لە خوێندنەوەی دەق تەوەردا خوێنەر لەنێوخودی دەقدا بەدوای ماناوەیە."(عومەر محەمەدە، ل110) بارت ئەرکێکی نوێ دەخاتە ئەستۆی خوێنەر، بەوەی پێگەیەکی جیاوازی لە سێگۆشەی داهێنانی ئەدەبیدا پێدەبەخشێت. واتە ئەگەر لەپێشتردا نووسەر خاوەنی یەکەم و کۆتایی بەرهەمەکەی خۆی بووبێ و ئەگەر لە سەردەمێکی دواتردا دەق خۆی بووبێتە زمانحاڵی خۆی، ئەوا لە تیۆری مەرگی نووسەری ڕۆلان بارتدا چیدی خوێنەر وەك بوونێکی پاسیڤ نامێنێتەوە، بەڵکو ئەرکی بەرهەمهێنانەوەی دەق وەردەگرێت، بەمەش بەشێوەیەك لەشێوەکان خوێنەر دەبێتە خاوەنی دەق، نەك تەنها بەکاربەرێکی لاوەکی ناوەڕۆکەکەی بێت، بەڵام کاتێك " کاتێك خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا هەست بە سێبەرو هەژموونی نووسەر بکا، ناتوانێ وەك پێویست دەلاقەو پەنجەرەکانی نێو دەق بکاتەوەو لە نهێنی و لایەنە شاراوەکانی نێو دەق شارەزا بێ، بۆ ئەوەی دەقێك مانای زیاتری لێهەڵێنجرێ، کردەی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە پێویستە."(عومەر میراودەلی، ل56)

کەواتە بەڵگە یان بیانووی هەر دیاری بارتیش ئەوەیە، کە خوێنەر خۆی ئامانجی سەرەکییە لە پشت پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقەوە، خۆ دەنا ئەگەر خوێنەر بوونی نەبێت، ئەوا دەق هیچ دەلالەتێکی نامێنێتەوەو بەمەش هیچ سوودێك لە هەبوونی نووسەرێکدا نییە، کە خوێنەرێك نەبێت بیخوێنێتەوە، "دەق ئەگەر خوێنەری نەبێت ناژی، بۆرخێس دەڵێت: (تامی سێو لەناو سێوەکەدا نییە، لە پێکگەیشتنی سێوەکەو مەڵاشوودایە، شیعریش لە دیواندا نییە، لەپێکگەیشتنی شیعرو خوێنەردایە) بۆیە دەبێت لە ڕوانگەی خوێنەرەوە لێکۆڵینەوە لەسەر دەق بکرێت."(حەمەسەعید حەسەن، ل40) لێرەشدا ناکۆتاییبوونی واتای دەق دێتە گۆڕێ، کە "بارت پێیوایە، ئەوەی بڕوای بە مانای کۆتایی و دیاریکراوی دەق هەبێت بڕوای بە حەقیقەتی پێشوەخت نەگۆڕیش هەیە."(هەمان سەرچاوە، ل38) هەربۆیە کوشتنی نووسەر بەلای بارتەوە کارێکە لە خزمەتی دەق و خوێنەردایە. بەو مانایەی مەرگی نووسەر دەرئەنجامی لەدایکبوونی دەقە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە لەبەردەم خوێنەردا بۆ بزاوتنی دەلالەت لەگەڵ دوانەی خوێنەرو دەقدا. لەم پرۆسەی مەرگی نووسەرەداو هێنانە پێشەوەی خوێنەر بۆ ئاستێکی جیاواز لەوەی پێشووی خۆی، چەمکێکی نوێ دێتە گۆڕێ، واتە ئەو چەمکە نوێیەی کە شوێنی نووسەر دەگرێتەوە بریتییە لە نووسین، کە خاوەنی کۆمەڵێك جیاوکی وەرگیراوە لە ناوەندە ڕۆشنبیرییە بێکۆتاییەکانەوە، واتە (ئەوانەی ڕابووردن)، جەختکردنەوە لە دەق پشتبەستنە بە خوێنەر لە دۆزینەوەی ماناو وەرگرتنی دەلالەتدا.

بەپێی گوزارشتی بارت، دوای مەرگی نووسەر، خوێنەر دەبێتە بەرهەمهێنەری دەق و ڕەگەزێکی کاریگەر، کە بەشداری دەکات لە پرۆسەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دەق ئەگەرچی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش بێ، واتە خوێنەر نابێتە بەکاربەری زمانی دەق. بارت لە هاوکێشە سێلانەییەکەیدا جەخت دەکاتەوە لە خوێنەر، بەوەی خوێنەر مەبەست و ئامانجی سەرەکییە لەپشتەوەی نووسینی هەر دەقێکەوە، چونکە بەبێ خوێنەر دەق بوونی نامێنێ یان بێ سوود دەبێ، ئەوەی کە خوێنەرەکەی بارت جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە خوێنەرێکە پێکهاتووە لە ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە کۆدو دەق. "دەق بە یاریدەی هەندێك تەکنیك و تەمهیدی وەك ڕاڤەی نیشانەکان هەوڵ بۆ دۆزینەوەی مانا دەدا، مانا لەودیوی

دەقدا شاراوەیە خوێنەر لەڕێگای شیتاڵکردنی پێوەندی نێوان نیشانەکان دیاردەکان تاتوێ دەکات."(عومەر محەمەدە، ل110) ئەو خوێنەرەی کە بارت باسی لێوە دەکات، دەیخاتە بەردەم دەقێکی تایبەتەوە، تایبەت لەڕووی سیماو خەسڵەتەکانی بەدەقبوون، بەوەی دەق بارتی دەقێکە لە چنینێکی زمانەوانی چرِوپڕ پێکهاتووە، ئەم چنینە زمانەوانییەش لە دوو دیو پێکهاتووە، دیوێك دالەو دیوەکەی تریش مەدلولە)، کە یەکەمیان واژەو گوزارەکانە، دووەمیشان پەیوەستە بە ڕووی ئەبستراکتی دەقەوە، واتە ئەو مەدلول ئەو رووەی دەق دەگرێتەخۆ، کە لە زەینماندا پێکدێت و وێنەکانی تەواو دەبن، بەڵام نەك ئەو تەواوبوونەی کە واتای کامڵبوونی دەق بگەیەنێت، چونکە ئێمە دەزانین دەق لە دیدی بارتەوە هەرگیز کامڵ نابێت، چونکە کراوەیە لەبەردەم خوێندنەوە جیاوازەکانی خوێنەراندا.

لای بارت خوێنەر دەستپێکەرو بزوێن و بەرهەمهێنی دەقە، ئەمەش بە پشتبەستن بەو دەقەی کە خوێنەر هەڵیدەبژێرێ بۆ خوێندنەوە، بارت پێیوایە "ئەو دەقەی کە وەك خوێنەر بەکاری دەبەین و شایستەی خوێندنەوەیە، بریتییە لەو دەقەی کە پێشتر ناسیومانە"(محمد عزام، ص241) واتە لەڕێگەی ئەو خوێندنەوەو زانیارییانەی پێشووەوە، کە لە زەینماندا گەڵاڵە بووە، دەتوانین دەقێکی نوێی پێ بناسینەوەو بچینە نێو کونج و کەلەبەرەکانییەوە، بەڵام "ئەو دەقەی کە داوای نووسینەوە لە خوێنەر دەکات، بریتییە لەوەی کە هاوکارییەکی سەرەکی خوێنەری پێویستەو دەبێ بەشدارییەکی ڕاستەقینە لە بەرهەمهێنانەوەیدا بکات."(هەمان سەرچاوە، ص241) کەواتە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا پێویستە خوێنەر بتوانێ دەقێکی نووسەرانە هەڵبژێرێت و بیخوێنێتەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا خوێنەر دەبێتە بەشێك لە بەشەکانی دەق، بە وتەیەکی تر خوێنەرێك لە دەرەوەی دەق بوونی نییە. خوێنەر خاوەنی لێکدانەوەی دەقە، دەق هێندەی ژمارەی خوێنەرانی هەڵگری واتایە. وەك چۆن دوو کەس لە گوڵێك بڕوانن هەریەکەیان بە چاوێکی جیاوازەوە تێی دەگەن، بۆ ئەمەش دەبێ خوێنەر خاوەنی وریایی و هۆشیارییەکی ڕۆشنبیری گەورە بێت، چونکە "لەدەقدا گەلێك بۆشایی و شوێنی بێدەنگ هەن، خوێنەر ئەو بۆشاییانە پڕ دەکاتەوەو شوێنە بێدەنگەکان دەهێنێتەگۆ. ئەم بۆشایی و بێدەنگییانە ئەوە دەردەخەن، کە دەقەکە تەواو نەکراوەو ئەوە ئەرکی خوێنەرە تەواوی بکات. خوێنەر چۆن دەقەکە تەواو دەکات؟ ئەمە پێوەندی بە پاشخانی ڕۆشنبیری، توانای ئەدەبی و ئاستی پەروەردەی هونەریی هەر خوێنەرێکەوە هەیە. خوێنەر لە ڕابردوودا چی خوێندووەتەوە، کار دەکاتە سەر لێکدانەوەی ئێستای لەم تێڕوانینەوە، ئەوە تەنیا نووسەر نییە، کە سەرقاڵی سەرلەنوێ نووسینەوەیە، بەڵکو خوێنەریش هەر خەریکی هەمان کارە."(حەمەسەعید حەسەن، ل40) تەنانەت کاری خوێنەر لەوە زیاتریش دەڕوات و دەتوانێت چۆنی بوێت وا دەقەکە لێك بداتەوەو سەرلەنوێ بینووسێتەوە.

بارت لە کتێبی (s/z)دا باس لە دوو جۆر دەق دەکات، ئەویش دەقی خوێنەرانەو دەقی نووسەرانەیە. لە دەقی خوێنەرانەدا بنەمای پرۆسەی خوڵقاندنی مانا لەسەر زەینییەتی خوێنەر دانامەزرێت، چونکە نووسەر پێشەکی لەڕێگای دەسەڵاتی خۆی لەسەر دەقدا، هەروەها لەڕێی بەکارهێنانی هەندێك زەمینەو پێشگریمانەی زەینییەتی خۆی هەر لەسەرەتاوە مانای دەقەکەو ئەرکی خوێنەری ڕوون کردووەتەوە. لە دەقی خوێنەرانەدا، خوێنەر مافی داهێنانی مانایی لێ زەوت دەکرێت و تەنیا وەزیفەی ئەوەیە دەقەکە بەو شێوەیە بخوێنێتەوە، کە نووسەر مەبەستییەتی، بەڵام لە دەقی نووسەرانەدا پرۆسەی خوێندنەوە لەسەر بناغەی توانایی داهێنانی مانایی خوێنەر دارێژراوە. لەم جۆرە دەقانەدا خوێنەر لەڕێگای ئەفراندنی مانایەکی تایبەت بە زەینییەتی خۆی سەرلەنوێ دەقەکە دەنووسێتەوە، ڕەنگە دەقێکی ترو دنیایەکی تر. بارت نووسەرانەبوونی دەق بەتایبەتمەندیی بەرچاوی دەقی نوێ دەزانێت.(عەبدولخالیق یەعقوبی، ل102) لێرەدا خوێنەر لەوە دەردەچێت تەنیا مشتەخۆرێکی بەکارهێن بێت بەسەر دەقەوە، بەڵکو دەبێتە بەرهەمهێنەری دەقەکە، واتە خوێندنەوە لەم حاڵەتەدا دەکاتە نووسینەوەی دەق. بارت خوێنەر بۆ چوار جۆر دابەش دەکات:(احمد شریف بسام، ص5)

1. خوێنەری چێژ: ئەو خوێنەرەیە، کە چێژلە بەرهەمهێنانی گوتارێکی تەریب لەگەڵ دە
2. خوێنەری هیستیری: ئەوەیە کە دەکەوێتە نێو گێژاوی بێ سنووری دەق و زمانەوە.
3. خوێنەری پارانۆکی: ئەوەی کە لە پەراوێزی خوێندنەوەدا دەقێکی ورێنەئامێز بەرهەم دەهێنێ.
4. خوێنەری فیتیشی: ئەوەیە کە چێژ وەردەگرێ لە هەندێ بەشی جەستەی دەق.

کەواتە دەبێ خوێنەر کەسێك بێت، کە گرنگی بە پرسە ڕۆشنبیرییەکان بدات، توانای شکاندنی کۆدەکانی ناو دەقی هەبێت و بتوانێ واتا ئیستاتیکییەکان بدۆزێتەوە، ئەمەش دەروازەی گەیشتنە بە ئاستی (چێژی دەق)، کە بارت کتێبێکی تایبەتی لەبارەوە نووسیوە. دەبێ ئەوەش بزانین، کە هەموو پرۆسەی خوێندنەوەیەك پرۆسەیەکی دیکەی خوێندنەوەی پێشتر هەڵدەوەشێنێتەوەو هیچ خوێندنەوەیەك ڕاست نییە،

واته دوا واتا لە خوێندنەوەی دەقدا دەست ناكەوێ، هەروەك (پۆل ڕیكۆر) دەڵێت: "كردەوەی باشی خوێندنەوە بریتییە لە ئافراندنی منێكی ترو نوێتر، دەقێكی باش ئەو دەقەیە، كە منی خوێنەر پەرەپێدا."(عومەر محەمەد، 114) واتە لەم پرۆسەیەدا نووسینی دەق لەوەدا كورت نابێتەوە، كە هەر بە تەنها بریتی بێت لە پرۆسەیەكی خاوەن سەرەتاو كۆتایی، كە یەك جار دەستی پێ بكەی و یەك جاریش كۆتایی پێ بێنیت، بەڵكو دەروازەیەكی هەمیشە لەسەر پشتە بە ڕووی خوێنەردا تاكو بێت و بەشێوەیەك لەشێوەكان دەوری نووسەر بگێڕێت، چونكە بە ئاسانی ناتوانێت ماناكانی دال بدۆزێتەوە، بەڵكو بە پرۆسەیەكی نووسینەوەی تردا تێدەپەڕێت و كەندولەندی زۆرە.

## ئەنجامەكان

1. مەرگی نووسەر تیۆرییەكی گرنگی ڕەخنەی ئەدەبییە و ڕەگێكی قووڵی مێژوویی هەیە و پەیوەندیی بە جیهانبینیی ڕۆژئاواییەوە هەیە، كە دەگەڕێتەوە سەر گوتەزای (مەرگی خواوەند) لای نیتشەی ئەڵمانی و (مەرگی باوك) لای (دۆستۆیۆڤیسكی)ی ڕووسی و دواجاریش (مەرگی نووسەر) لای ڕۆلان بارت)ی فەرەنسی سەریهەڵداوە.

2. تیۆری مەرگی نووسەر پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە ڕەگەزەكانی سێگۆشەی داهێنانی ئەدەبییەوە هەیە، كە ئەوانیش بریتین لە: (زمان و مەرگی نووسەر، دەق و مەرگی نووسەر، خوێنەرو مەرگی نووسەر).

3. زمان دەدوێ نەك نووسەر، هەموو شتێك دەچێتەوە سەر زمان و هەر لە زمانیشەوە دەست پێدەكاتەوە، واتە زمان دەبێتە چەقی گرنگیدانی ڕەخنەگر، نەك ژیان و بارودۆخی كۆمەڵایەتی و سایكۆلۆژی نووسەری دەق.

4. دەق گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، بەوپێیەی دەق جەستەیەكی زمانییە، بۆیە بە هەموو شێوەیەك دەق لە چوارچێوەی دەرەوەو لە دەوروبەری خۆی دادەبڕێندرێ و تەنها مامەڵە لەگەڵ ناوەوەی دەقدا دەكرێت، واتە لەگەڵ زمانی دەقدا.

5. خوێنەر نووسەری ڕاستەقینەی دەقە، نەك نووسەر، بۆیە خوێنەر دەبێ كەسێكی وشیارو وریا بێت، تا بتوانێت ناتەواوییەكانی ناو دەق بدۆزێتەوەو پڕیان بكاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامیدان بە پرۆسەی نووسینەوەو بەرهەمهێنانەوەی دەقی ئەدەبی.

## سەرچاوەكان


1. بابەك ئەحمەدی: پێكهاتەو ڕاڤەی دەق (كتێبی دووهەم)، و: مەسعود بابایی، چاپی یەكەم، بێ ناوی چاپخانە، هەولێر، 2005.
2. 2ابەك ئەحمەدی: پێكهاتەو ڕاڤەی دەق، وەرگێڕانی: مەسعودبابایی، كتێبی سێهەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی هەولێر، 2005.
3. 3بنەماكانی مۆدێرنە لە شیعرەكانی شێركۆ بێكەسدا، لوقمان ڕەئوف، چاپی یەكەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2009.
4. پەنجا فەیلەسوف و بیرمەندی هاوچەرخ لە بونیادگەرییەوە
5. بۆ پۆستمۆدێرنیزم، جۆن لیتشە، وەرگێڕانی: دیدار ئەبو زێد، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012.
6. جۆرەكانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (پێنجەمین كتێب)ی
7. جەبار جەمال غەریبدا (لێكۆڵینەوەیەكی تیۆری پراكتیكییە)، پ.ی.د.نەجم خالید ئەڵوەنی، چاپی یەكەم، چاپخانەی كەمال، سلێمانی، 2012.
8. 6.حەمەسەعید حەسەن: قوڵپی پێكەنینن، چاپی یەكەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004.
9. 7.شوكری عزیز ئەلمازی (د): تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی: سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی بینایی، هەولێر، 2010.
10. 8.ژان پۆل سارتەر: ئەدەب چییە؟، و: مستەفا غەفور، چاپی یەكەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2009.
11. 9.ڕۆلان بارت: چێژی دق، وەرگێڕانی: ئیسماعیل زراعی، چاپی یەكەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2007.
12. 10.سەمەد ئەحمەد: لەناو بازنەی دەقدا (ڕەخنەو لێكۆڵینەوەی ئەدەبی)، چاپی یەكەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، 2003.
13. 11.عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا: شەڕی زمان لەپێناو تەئویلكردنی دەقدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، 2010.
14. 12.عەلی تاهیر بەرزنجی (د): چەند توێژینەوەیەكی ڕەخنەیی، چاپی یەكەم، ئەكادیمیای كوردی، هەولێر، 2012.

15. 13.عەلی تاهیر حسەین (د): ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2008.
16. 14.عومەر میراودەلی: خوێندنەوەو ڕاڤە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2011.
17. 15.کەمال مەعروف (د)، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، 2012.
18. 16.موحسن ئەحمەد عومەر (د): فەرهەنگی ئەدەبی، چاپی یەکەم، ناوەندی چاودێر، سلێمانی، 2011.
19. 1.بەختیار محەمەد: نووسەرو نووسین، گۆڤاری هەنار، ژمارە (89)، یۆنیۆی 2013.
20. 2.پێشڕەو عەبدوڵلا: دەقێتی دەق، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (158)، 2010/7/5.
21. 3.حەمەکەریم عارف: خوێندنەوەی خوێندنەوە، گۆڤاری هەنار، ژمارە (689، سێپتێمبەری 2011.
22. 4.عەبدولخالیق یەعقووبی: ڕەسەنایەتی دەق لە چیرۆکدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (181)، 2012/6/5.
23. 5.عومەر محەمەدی: پێکهاتەی دەق و زمانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (117)، 2007/2/5.
24. اديث كيرزويل: عصر البنيوية، ترجمه: جابر عصفور، الطبعه الاولى، دار افاق عربيه بغداد، 1985.
25. أندرو بينيت: المؤلف، ترجمه: سرى خريس، الطبعه الاولى، هيئه أبوظبى للثقافه والتراث، أبوظبي، 2011.
26. أومبيرتو ايكو: التأويل بين السيميائيات والتفكيكيه، ترجمه: سعيد بنكراد، الطبعه الثانيه، المركز الثقافي العربي، الدار البيظاء ، المغرب، 2004.
27. رولان بارت: نقد وحقيقه، ترجمه: د.منذر العياشى، الطبعه الاولى، مركز الانماء الحظاري، 1994.
28. فردريك نيتشه: هكذا تكلم زرادشت، ترجمه فيلكس فارس، منشورات المكتب العالمي للطباعه والنشر، بيروت، لبنان، بدون تاريخ وبدون رقم الطبعه.
29. محمد عزام: النص الغائب (تجليات التناص فى الشعر العربي)، الطبعه الاولى، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، 2001.
30. محمد عزام: تحليل الخطاب الادبي على ضوء المناهج النقديه الحديثه (دراسه فى نقد النقد)، الطبعه الاولى، اتحاد كتاب العرب، دمشق، 2003.
31. محمد نديم خشفه، تأصيل النص (المنهج البنيوى لدى لوسيان غولدمان)، الطبعه الاولى، مركز الانماء الحظارى، حلب، 1997.
32. أحمد شريف بسام: رولان بارث موت المؤلف (موت الكاتب)، وزاره التعليم العالى والبحث العلمي، جامعه الجزائر، 2009/2008.
33. 1.تداخل الاجناس وانتهاك الحدود (مدخل نظري)، د. عاطف البطرس، موقع الامبراطور، www.alimbaratur.com
34. 2.عدنان الهلالي: رولان بارت متعة الكتابة ولذة النص، http://difaf.forumactif.org/t1836-topic
35. 3.مجلة الجمعية الفلسفية المصرية: موت الرب وموت
36. الأب- دراسة في الإلحاد الوجودي- نيتشة و دوستويفسكي نموذجين، العدد (19) لسنة 2006، https://kareemessayyad.wordpress.com/2010/01/08